# ڕۆحی نەتەوە و دیاریکردنی پەیوەندیی ئایین و ناسنامە

عرفان مستەفا[١]

کاتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٠٣/١٨ کاتی قەبووڵکردن: ٢٠٢١/٠٦/٢١

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبارەی پەیوەندیی ئایین و نەتەوەیە. بۆ دیاریکردنی ئەم پەیوەندییە پشت بە فینۆمینۆلۆجیای ڕۆح لای هێگڵ بەستراوە. لە ڕوانگەی هێگڵەوە ڕۆحی نەتەوە کۆمەڵە دەرکەوتەیەکی هەیە و ئایینیش بنچینەییترین دەرکەوتەی ئەو ڕۆحەیە. ئەم دەرکەوتەیە ڕۆحی نەتەوە لە خۆیدا بۆ خۆی دەنوێنێت. ئەم دەرکەوتەیە ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ڕۆحی نەتەوە لە ئاوێنەی ڕۆحی جیهاندا خۆی دەبینێتەوە و لە خۆی رادەمێنێت. لێرەدا ڕۆحی نەتەوە بەشەکییانە و ناوچەییانە گوزارشت لە ڕۆحی ڕەهای جیهان دەکات، هەر ئەمەشە وا دەکات هیچ ئایینێك لە ئایینەکان گوزارشتێکی ڕەها نەبێت لە ڕۆحی جیهان و گوزارشتێکی بەشەکی و ناوچەیی بێت لەو ڕۆحە. بۆیە شتێکمان بە ناوی ئایینی جیهانییەوە نییە و هەموو ئایینەکان بەرهەمی تێڕامانی ڕۆحە نەتەوەییەکانن لە خۆیان لە ناو ئاوێنەی ڕۆحی ڕەهادا. هەر ئەمەش ڕێگە دەدات بەوەی ئایین دیاریکەری ناسنامەی نەتەوە بێت.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕۆحی جیهان، ئایین، نەتەوە، دەوڵەت، ناسنامە، ڕۆحی نەتەوە، ناسنامەی نەتەوە.



١- لێکۆڵەر لە بواری زمانناسی و فەلسەفە و کوردناسیدا. مامۆستای پێشووی زمانناسی گشتی لە زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

# روح ملت و مشخص کردن ارتباط آیین و هویت

عرفان مصطفی[1]

تاریخ دریافت: ۱۳۹۹/۱۲/۲۸ تاریخ پذیرش: ۱۴۰۰/۰۳/۳۱

## چکیده

این تحقیق در مورد ارتباط بین آیین و ملت است. برای مشخص کردن این ارتباط از فینومینولوژی روح در نزد هگل استفاده شده است. از دیدگاه هگل روح ملی مردم نشانه ای از خود بروز می‌دهد که می‌توان آیین به عنوان اساس این نشانه در نظر گرفت. این نشانه روح ملیت را از خودش برای خودش می‌نمایاند. این نشانه زمانی مشخص خواهد شد که روح ملیت در آیینه‌ی روح جهانی خودش را ببیند، پس در آن زمان وامیماند. در اینجا روح ملیت از منطقه‌ی خودش سهم دارد و گزارشی که از روح کلان جهانی خواهد داد مبتنی بر آن است. این مهم سبب می گردد تا هیچ آیینی نتواند گزارش تمام از روح جهانی بدهد و صرفاً گزارش‌ها مبتنی بر داده‌های منطقه‌ای باشد. به همین دلیل چیزی به نام آیین جهانی نیست و تمام آیین‌ها محصول حیرت روح ملت‌های پیرو است که خودشان را در آیینه‌ی روحی میبینند. این نکته هم باعث می‌شود تا آیین مشخص کننده‌ی شناسنامه ی ملیت افراد باشد.

**کلید واژه:** روح جهان، آیین، ملت، دولت، شناسنامه، روح ملت، شناسنامه ملت.



---

[1] دکترای فلسفه، نویسنده و پژوهشگر در پدیدارشناسی

# The spirit of the nation spirit and determining the relationship between religion and identity

Erfan Mostafa [1]

Recive data: 2021/03/18 Accpte data: 2021/06/21

**Abstract:**
This research is about the relationship between religion and nation. To determine this relationship, Hegel's phenomenology of the soul has been used. According to Hegel, the spirit of the nation people is a sign and religion can be considered as the basis of this sign. This sign defines the spirit of the nation for itself. This sign will become clear when the spirit of the nation sees itself in the mirror of the universal spirit. Here the spirit of the nation partially and regionally expresses the absolute universal soul and this makes it impossible for any religion to express the full spirit of the world but only reflects the regional spirit for each nation. For this reason, there is no such thing as a universal religion, and all religions are the reflections of the souls of nations who see themselves in the absolute spiritual mirror. In this way, the religion will determine the identity of nation.

**Keyword:** world spirit, religion, nation, state, identity, nation spirit, nation identity.

The Quarterly Journal of Shinrwe

1- PhD of Philosophy. Erbil. Author and researcher of phenomenology

## پێشەکی

بۆ ئەوەی لەڕوانگە ئۆنتۆلۆجییەوە باس لە ناسنامەی نەتەوەیی بکەین، سەرەتا دەبێت نەتەوە وەك بوونەوەرێك لە بوونەوەرەکان دابنێین، هەموو بوونەوەرێکیش پێش ئەوەی وەك بوونەوەرێك لەناو واقیعدا هەبێت، دەبێت لەخۆیدا هەبووبێت. نەتەوەش پێش ئەوەی لەواقیعدا وەك بوونەوەرێك بوون پەیدا بکات، دەبێت شتێك بێت لەخۆیدا بوونی هەبێت. نەتەوە لەو قۆناغەدا کە لەخۆیدا بوونی هەیە و هێشتا لەواقیعدا شێوەگیر نەبووە، ئەوەیە کە هیگڵ بە ڕۆحی نەتەوە ناوی دەبات. ڕۆحی نەتەوە لای ئەو (من)ێکی کۆییە، کەوابێت ئێمە لە سەرەتادا لەبەردەم (من)ێکی کۆییداین و ئەم (من)ە کۆییەش نەتەوەیە لەخۆیدا.

گەر لەم قۆناغەدا بمانەوێت باس لە ناسنامەی نەتەوەیی بکەین، ئەوا دەبێت باس لە ناسنامەی نەتەوە بکەین لەخۆیدا. ناسنامەی نەتەوەش لەخۆیدا خۆنوێنیی (من)ی نەتەوە یان ڕۆحی نەتەوە دەگەیێنێت، واتە لەم قۆناغەی ناسنامەی نەتەوەییدا، ڕۆحی نەتەوە دەبێت لەخۆیدا سەیری خۆی بکاتەوە و بۆخۆی خۆی بنوێنێت. بۆ ئەوەی بتوانێت بەخۆی خۆی بنوێنێت، دەبێت لەخۆی ئەویترێك بۆ خۆی بەدەست بهێنێت و خۆی خۆی بە پرۆسەی بەئەویترکردنی خۆدا بەرێت و ئەوەش لە دەرەوە هاتووە و لەخۆیدا دەیکات بە شتێکی جگە لە خۆی، بیکاتە دەرەوەی خۆی. بە نواندنی خۆی بۆ خۆی، لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە ناو ناسنامەوە و خۆی دەبێت بە ناسنامەی خۆی.

(من)ی کۆیی یان ڕۆحی نەتەوە ئەوەیە کە پێشتر لە بووندایە و دەیەوێت ببێت، بەڵام بۆئەوەی شیاوی ئەوە بێت ببێت، دەبێت توانای ئەوەی هەبێت لە بووندا بمێنێتەوە. ڕۆحی نەتەوە تا توانای بەردەوامبوونی لە بووندا هەبێت، ئەوە شیاوی ئەوەیە لە داهاتوودا ببێت، بەردەوامبوونیش لە بووندا بەبێ بوون لەخۆدا نابێت. بوونیش لەخۆدا واتە بوون لە ناسنامەدا لەگەڵ خۆدا. ڕۆحی نەتەوە بەوە بەردەوامی بە بوونی خۆی دەدات کە بەردەوام بێت لەوەی لە ناسنامەدا بێت لەگەڵ خۆیدا.

## ناوەڕۆک

لای هیگڵ ئایین ئەو ئاماژەیەیە کە نیشانی دەدات ڕۆحی نەتەوە بەوەی لە ناسنامەدایە لەگەڵ خۆیدا کە لە بووندا بەردەوامە و شیانی ئەوەی تیایە ببێت، بەڵام ئایین لێرەدا مەزهەب نییە. مەزهەب وەك ئایین ئاماژەکەی ڕۆحی نەتەوە نییە لەسەر ئەوەی کە بەردەوامە لە بوون و ناسنامە لەگەڵ خۆدا. مەزهەب وەك دەرکەوتەکانی تری ڕۆحی نەتەوە ئاماژەیە بەوەی کە ڕۆحی نەتەوە لەشێوەی نەتەوەدا بووەتە خاوەنی بوونێکی واقیعی و قۆناغی لەخۆدابوونی تێپەڕاندووە و کەوتووەتە ناو ئەوەوە کە بۆ خۆی ببێت، چونکە مەزهەب بەشەکی

کردنەوەی ئەو هەمەکییەیە کە ئایین بە شێوەیەکی هەمەکییانە ڕۆحی نەتەوەی وەك هەمەکییەك شێوەگیر کردووە.

ڕۆحی نەتەوە ئەو کاتە لە بووندایە لەگەڵ خۆیدا کە ئایین وەك ڕۆحی هەمەکی خۆی بۆخۆی دەنوێنێت. ئایین نواندنی ڕۆحی هەمەکی نەتەوەیە لەشێوە بەشەکییەکەیدا. ڕۆحی نەتەوە خۆی ڕۆحێکی ڕەها نییە و ڕۆحێکی دیاریکراو و بەشەکی ڕۆحی ڕەهایە ( ئەو ڕۆحەی تایبەتە بە گەلێك ڕۆحێکی بەشەکیی دیاریکراوە و بەپێی پلەی پەرەسەندنە مێژووییەکەی شێوەگیر بووە. ئەم ڕۆحە جەوهەر و بنچینەی هەموو شێوەکانی تری هوشیاریی نەتەوە پێك دەهێنێت. هەر دەبێت ڕۆح لە قۆناغی هوشیاریی خودیدا ببێتە بابەتی تێڕامانی خۆی، بە پلەی یەکەم بابەتییەتی دەرکەوتنی ئەو جیاوازییانەیە کە کۆمەڵێك لە بوارە جیاوازەکانی ڕۆحی بابەتی پێك دەهێنێت).(١-١٢٦).

ڕۆحی نەتەوە کاتێك خۆی دەکاتە بابەتی تێڕامانی خۆی، کە پەی بە ڕۆحی ڕەها دەبات. بە پەیبردنی بە ڕۆحی ڕەها لەخۆیدا، ئایین دەردەکەوێت. واتە ئایین بەرهەمی تێڕامانی ڕۆحی نەتەوەیە لە ڕۆحی ڕەها لە کۆشەنیگا بەشەکییەکەی خۆیەوە. ئەمەش بەوە ڕوو دەدات کە ڕۆحی نەتەوە خۆی بکات بە ئەویترێك بۆ خۆی، تا خۆی لەبەردەم خۆیدا وەك بابەتێك بۆ تێڕامان ببینێتەوە، بەبێ پرۆسەی بەئەویترکردنی خۆ، ڕۆحی نەتەوە ناتوانێت لە بووندا بەردەوام بێت. ئایین خۆی ئاماژەیەکە بەوەی کە ڕۆحی نەتەوە لەگەڵ خۆیدا لە بووندایە و سەرقاڵە بە تێڕامان لە ڕۆحی ڕەها لەناو ئەو خۆیەی خۆیدا کە کردوویەتی بە ئەویترێك بۆ خۆی و لەگەڵیدا لە ناسنامەدایە.

کاتێك لەناو خەڵکاتێکدا ئایین دەردەکەوێت، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەناو ئەو خەڵکەدا ڕۆحی نەتەوە بوونی هەیە و بە هۆی ئەوەوە کە لەخۆیدا لە ڕۆحی ڕەها ڕادەمێنێت، لە بووندا بەردەوامە و شیانی ئەوەی تیایە ئەو میللەتە بکات بە نەتەوە. هەر لەمەوەیە کە هیگڵ بوونی دەوڵەت دەکاتە بەڵگە لەسەر بوونی نەتەوە و ئایینیش دەکاتە بنەمای بوونی دەوڵەت.

گەر دەوڵەت بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی کە نەتەوە هەیە و ئایینیش دەوڵەت بێت لەخۆیدا، ئەوا دەوڵەت لەخۆیدا بەرهەمی تێڕامانی ڕۆحە نەتەوەیە لەخۆی وەك ڕۆحی ڕەها. ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕۆحی نەتەوە بەهۆی بەئەویترکردنی خۆوە خۆی بۆ خۆی دەنوێنێت و لە ناسنامەدایە لەگەڵ خۆیدا.

ئایین خۆنوێنیی ڕۆحی نەتەوەیە بۆخۆی و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕۆحی نەتەوە لەناو میللەتدا لە بووندا بەردەوامە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە ئایین ناسنامەی ڕۆحی نەتەوەیە. ناسنامەی ڕۆحی نەتەوە

The Quarterly Journal of Shinrwe

جیاوازە لە ناسنامەی نەتەوە، بەوەی کە ناسنامەی ڕۆحی نەتەوە، ناسنامەی نەتەوەیە لەخۆیدا، بەڵام ناسنامەی نەتەوە کە دەرکەوتەکانی تری ڕۆحی نەتەوە دەینوێنن، ناسنامەی ڕۆحی نەتەوەیە بۆ خۆی و لەپێناو خۆیدا. بۆیە بۆ ئەوەی باس لە ناسنامەی نەتەوە لەخۆیدا بکەین، دەبێت باس لەو ئایینە بکەین کە لەناو گەلێکدا سەری هەڵداوە.

ئایین نوێنەری ڕۆحی ڕەهایە لە گۆشەنیگای ڕۆحی نەتەوەوە کە ڕۆحێکی بەشەکیی دیاریکراوە، کەوابێت بۆ ئەوەی بزانین ئایین چییە، دەبێت بزانین ڕۆحی ڕەها چییە؟ چونکە ئەوەی ئایین دەینوێنێت ڕۆحی ڕەهایە، بەڵام لە گۆشەنیگای ڕۆحی نەتەوەیەك لە نەتەوەکانەوە، نەك لە گۆشەنیگای ڕۆحی ڕەها خۆیەوە.

گەر ڕۆحی نەتەوە (من)ی کۆیی نەتەوە بێت، ئەوا ڕۆحی ڕەها (من)ی کۆیی نەتەوەکانی جیهانە و نەتەوەکانی جیهان لەڕێگەی ئایینە جیاوازەکانیانەوە هەریەکەیان ڕەنگێکی جیاوازی داوە بە و ڕۆحە ڕەهایە. ڕۆحی ڕەها ڕۆحی جیهانە، ڕۆحی جیهان لە ئایینەکاندا ڕۆحی نەتەوە جیاوازەکان بە ڕەنگی جیاوازی خۆیان و گۆشەنیگا تایبەتییەکانیانەوە دەینوێنن.

هیچ ڕۆحێکی نەتەوەیی ناتوانێت ڕۆحی ڕەها بە ڕەنگەکەی خۆی بنوێنێت، بۆیە ئەستەمە لەناو ئایینەکاندا باس لە ئایینێکی جیهانی بکرێت. بوونی ئایینە جیاوازەکان خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هیچ ئایینێك نواندنێکی هەمەکی و ڕەهای ڕۆحی ڕەها نییە و نواندنێکی بەشەکیی ئەو ڕۆحە ڕەهایەیە لەڕێگەی ڕۆحی نەتەوەیەك لە نەتەوەکانەوە.

هیگڵ لەبارەی پەیوەندیی ڕۆحی نەتەوەکان بە ڕۆحی ڕەهاوە دەڵێت: (ڕۆحی بەشەکی نەتەوە پێویستە وا هەڵسوکەوت بکات کە تەنها تاکێکە لەناو ڕەوتی هەمەکیی مێژوودا، چونکە ئەو مێژووە پێشانگای پەرەسەندنی خواییانەی ڕەهای ڕۆحە لە باڵاترین وێنەیدا، واتە ئەو بەرەو پێشەوەچوونە پێبەپێییەیە کە بەهۆیەوە دەگات بە حەقیقەتی خۆی و هوشیاری بەخۆی. "ڕۆحە نەتەوەییە" جیاکانی ناو مێژوو بە سروشتە تایبەتەکەی ژیانی ئاکاری خۆیان، حکومەتەکانیان و هونەرەکانیان و ئایین و زانستەکەیان ئەو وێنەیە شێوەگیر دەکەن کە ئەو "ڕۆحی ڕەهایە" لە قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی خۆیدا وەریدەگرێت. وەدیهاتنی ئەم بەرەوپێشچوونە بە پلە جیاوازەکانییەوە ئەو پاڵنەرەیە کە هیچ سنوورێکی بۆ ڕۆحی جیهان نییە، هەروەك چۆن ئامانجی خواستەکەشی ئەوەیە کە ڕێگەی لێ ناگیرێت، هەر لەبەر ئەمەشە ئەو دابەشبوونەی بۆ کۆمەڵە بەشێکی ئۆرگانی و پەرەسەندنی تەواوی هەریەك لە بەشەکان لەناو ئەودا بیرۆکەی ئەو ڕۆحەیە. مێژووی

هەمەکیش هیچ خەم و خەیاڵێکی نییە جگە لەوەی ئەوە ڕوون بکاتەوە کە چۆن ڕۆح پێبەپێ دەگاتە ناساندنی حەقیقەت و بەدەستهێنانی، بەم شێوەیە سپێدەی زانین دەردەکەوێت و بە دۆزینەوەی بنەما دیار و مەزنەکان دەست پێدەکات و دواجار دەگاتە هوشیاریی تەواو).(١-١٢٦).

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ڕۆحی نەتەوەکان لە شێوەگیربوونی خۆیاندا لەناو گەلەکانیاندا، ڕۆحی جیهان شێوەگیر دەکەن، واتە ڕۆحی ئەوان لەپێناو ئەوەدا شێوەگیر دەبێت تا ڕۆحی جیهان لەڕێگەی ئەو شێوەگیربوونەی ئەوانەوە خۆی شێوەگیر بکات.

مۆناد لە مەملەکەتی خوادا چۆن بەپێی شوێنگە جیاوازەکەی لە مۆنادەکانی ترەوە، مەملەکەتی خوا لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە وێنا دەکات، بەهەمان شێوە ڕۆحی نەتەوەش بەپێی ئەو شوێنگە جیاوازەی لەناو جیهاندا هەیەتی لەڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە لە ئایینە تایبەتەکەی خۆیدا ڕۆحی جیهان دەنوێنێت و گوزارشتی لێ دەکات. گوزارشتکردنی هەر ئایینێك لە ئایینەکان لە خودا، گوزارشتکردنی ڕۆحی نەتەوەیەکە لە ڕۆحی جیهان، لە شوێنگەی تایبەتی خۆیەوە لە جیهاندا لەناو ڕۆحی نەتەوەکانی تردا.

کەوابێت ناسنامەی نەتەوە لەخۆیدا لە ئاییندا دەردەکەوێت و ئایینیش بەرهەمی پرۆسەی بەئەویترکردنی ڕۆحی نەتەوە خۆیەتی بۆخۆی لەپێناو بینینەوەی ڕۆحی جیهان لەخۆدا و هەستکردنی بە شوێنی خۆی لە جیهاندا. هەر لەمەشەوەیە کە هیگڵ ئایین جیا دەکاتەوە لە دەرکەوتەکانی ڕۆحی نەتەوە و دەیکات بەو شێوە ئایدیاڵەی کە دواتر لە دەوڵەتی نەتەوەکەدا شێوەی مادیی خۆی دەگرێت.

هیگڵ پێی وایە گەر لە ڕۆحی نەتەوە و هۆشیاری نەتەوەیی -کە وەك بیرۆکەی خودیەتی نەتەوە دەردەکەون- ڕامێنین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هوشیارییە نەتەوەییە خودییەکە و ڕۆحە نەتەوەییەکە بیرن و بەهەمان کردەی بە ویست و زانینی ڕۆحی نەتەوە، ڕوو دەکەنە ئامانجێکی هەمەکی کە جەوهەری ڕۆحە ڕەهاکەیە و دوای ئەمە لایەنی ڕۆحی نەتەوە و لایەنە جەستەییە بابەتییەکەی دەوڵەتیان لێ پێکدێت. دەوڵەتیش بنچینە و چەقی هونەر و یاسا و ئاکار و ئایین و زانستی ئەو گەلەیە. چالاکییەکانی ڕۆحی نەتەوەش ئامانجێکی تریان نییە جگە لە دەرکەوتنی ڕۆحی نەتەوە خۆی لەناو ئەو دەرکەوتانەدا کە دەوڵەت بووەتە تیشکۆ و چەقیان. کاتێك ڕۆحی نەتەوە هوشیار دەبێت بە یەکبوونی دەرکەوتەکانی لەناو پێکهاتەی دەوڵەتدا، ئەوە توانیویەتی بە ئازادییە تایبەتییەکەی خۆی هوشیار بێت، ئایین لە ناو ئەو یەکبوونە هوشیارانەدا دەبێتە ناوەند و تیشکۆیەکی باڵاتر لە دەوڵەت. ڕۆح لە ناو ئاییندا بەرز دەبێتەوە و باڵانوارتر دەبێت بەسەر هەموو ئەو دیاریکردنانەی بوونی دنیایی و کاتی کە دەوڵەت چەقەکەیەتی و بەمەش هوشیارە بە ڕۆحی

ڕەها. لەم هوشیارییەی ڕۆحی نەتەوە بە ڕۆحی ڕەها لە ئاییندا، ڕۆحی نەتەوە لەخۆیدا و بەخۆی لە بووندایە و دەستبەرداری خەمە بەشەکییەکان و بەرژەوەندییە تایبەت و کەسییەکانی خۆی بووە و هەموویانی خستۆتە لاوە لەپێناو گەیشتن بە حاڵەتی تێرامان و خۆدانە دەست ڕۆحی ڕەها. ئەم حاڵەتەش حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی زەین کە ڕۆحی نەتەوە تیایدا ئەوە ڕەت دەکاتەوە خۆی سەرقاڵ بکات بە هەرشتێکی بەشەکی یان دیاریکراوەوە(بڕوانە1: -١٢٢).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ڕۆحی نەتەوە لە حاڵەتی بوون لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە ناو ئەو حاڵەتەی کە ئایین تیایدا دەرکەوت دەکات، ئایینیش بەرهەمی ئەو حاڵەتەیە کە تیایدا ڕۆحی نەتەوە لەخۆیدا ڕۆحی جیهان دەنوێنێت و لەگەڵیدا دەکەوێتە ناو ناسنامەوە.

ڕۆحی جیهان لەم حاڵەتە لەو شێوەیەدا دەردەکەوێت کە ڕۆحی نەتەوە لەخۆیدا خۆی لەناو جیهاندا دەبینێتەوە. لێرەشدا ڕۆحی نەتەوە بە پرۆسەی بەئەویترکردنی خۆی، بیری خۆی کردووە بە ئەویتر و وەك ئاوێنەیەك لەبەردەم خۆیدا دایناوە و لەناو ڕۆحی جیهاندا لە خۆی ڕادەمێنێت. بەمەش دەگاتە ئەوەی کە خۆی بەخۆی خۆی بنوێنێت و خۆی بێت، واتە لە ناسنامەدا بێت لەگەڵ خۆیدا.

کەوابێت ئایین خۆی ناسنامەی ڕۆحی نەتەوەیە و ڕۆحی نەتەوە دەنوێنێت لەو حاڵەتەدا کە لە جیهانی ڕۆحی نەتەوەکاندا هەرخۆیەتی و لە ناسنامەدایە لەگەڵ خۆیدا. دەوڵەتیش کە شوێنی دەرکەوتەکانی نەتەوەیە، ئەو ئەویترە بەخۆکراوەیە کە لەگەڵ ئاییندا کە خۆیەکی بەئەویترکراوە، پێکەوە ڕۆحی نەتەوە دەنوێنن و ڕۆحیش بۆ ئەوان ئەوەیە کە لەگەڵیدا لەگەڵ یەکدا وەك ئەوەی کە یەکە دەینوێنن.

ڕۆحی نەتەوە لە ئایین و لە دەوڵەتیشدا هەر خۆیەتی و لە ناسنامەدایە لەگەڵ خۆیدا، هەموو دەرکەوتە ئایینییەکان و دەرکەوتە دنیاییە مادییەکانی دەوڵەتیش ڕۆحی نەتەوە دەنوێنن و ناسنامە جیاجیاکانی هەمان ڕۆحن.

ئەمە ئەوە دەگەیێنێت خۆنوێنیی ڕۆحی نەتەوە بەهۆی پرۆسەی بەئەویترکردنی خۆوە ناسنامەیەك بۆ نەتەوە دێنێتە ئاراوە کە ناسنامە بنچینەکەیەتی، واتە ناسنامە لەخۆیدا. بۆئەوەی لەم ناسنامە بنچینەییەی نەتەوەش بکۆڵینەوە، دەبێت لەو ئایینەدا بۆی بگەڕێین کە سەرچاوەی لە سروشت و ڕۆحی ئەو نەتەوە خۆیەوە گرتووە.

بەبێ بوونی ناسنامەیەکی لەو جۆرەش ڕۆحی نەتەوە بوونی نابێت، چونکە ڕۆحی نەتەوە بەوە بوونی هەیە و لە بووندا بەردەوامە، کە لە خۆنوێنیی خۆیدا بێت و لە جەستەی گەلدا بەخۆی بوونی هەبێت و لە بووندا بێت لەگەڵ خۆیدا.

گەر ئایینێکی لەو جۆرە لەناو گەلێکدا هەبوو، ئەوا ئەو گەلە هەڵگری ڕۆحی نەتەوەیە و لە پرۆسەی بوون بە نەتەوەدا بەردەوامە. چونکە ئایین تاکە نیشانەیەکە کە ئێمە لەڕێگەیەوە دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە لەناو کۆمەڵە خەڵکێکدا ڕۆحی نەتەوە بوونی هەیە و ئەو کۆمەڵە خەڵکە تەنها کەسانێك نین کە بەبێ هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ڕۆحی و جەوهەری لەگەڵ یەکدابن و (من)ێکی کۆییان نەبێت. بوونی نیشانەیەکی لەو جۆرە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە، کۆمەڵە خەڵکێك نین و بەس، بەڵکو جەستەیەکی زیندووی خەوتوون و لەناو ئەو جەستەیەدا ڕۆحێکی بێدار هەیە سەرقاڵە بە تێڕامان لە بوونی خۆی و لە بووندایە لەگەڵ خۆیدا و لە جەستەکەدا لەگەڵ خۆیدا لە ماڵەکەی خۆیدایە.

ئەو کەسانەی لەناو جەستەی گەلدا ناسنامەی ڕۆحی نەتەوە لێیانەوە دەردەکەوێت، پیاوە ڕۆحانییەکانی ئەو گەلەن و ئەوان ئەو کەسانەی ناو جەستەکەن کە هوشیارن بەوەی ڕۆحێك لەناو ئەو جەستەیەدایە و لە تێڕاماندایە لەگەڵ خۆی. هەر ئەمانەشن کە ڕۆحی نەتەوە لەڕێگەیانەوە ناسنامە بنچینەییەکەی خۆی بۆ گەلە خەوتووەکە ئاشکرا دەکات.

ئەو پیاوانەی کە ڕۆحی نەتەوە لەڕێگەیانەوە ناسنامەی پەتیی خۆی ئاشکرا دەکات، گەواهیدەرن لەسەر ئەوەی کە ڕۆحی نەتەوەیی لەناو ئەو جەستەیەدا هەیە و چاوەڕێی ئەوە دەکات جەستەکەی لەو خەوە قووڵە بێدار بێتەوە تا لەڕێگەیەوە لە بوون لەخۆداوە بەرەو بوون لە جیهان و بوون لەپێناوی خۆیدا بڕوات.

هیگڵ بەم شێوەیە باس لەو پیاوە ڕۆحانییانەی گەلێك دەکات کە ڕۆحی نەتەوە دەیان کات بە گەواهیدەر لەسەر بوونی خۆی لەناو جەستەی ئەو گەلەدا:

ئەو جۆرە لە مرۆڤ لەڕێگەی قوربانیدانەوە گوزارشت لەوە دەکات کە سەرقاڵە بە کارێکی ڕۆحانییەوە و خۆی لە موڵکییەتی تایبەتی خۆی و ویست و هەستە تاکەکەسییەکانی خۆی گرتووەتەوە، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە تەرکیز و تێڕامانی ئایینی لە خود لەشێوەی کۆمەڵە شعورێکدا یان لەشێوەی ویژداندا تیایدا دەردەکەوێت و لەگەڵ ئەمەشدا دەچێتە ناو چوارچێوەی بیری تیۆرییەوە و لەو بیرەش شێوەیەك لە شێوەکانی پەرستن بەرهەم دێت(بڕوانە1: -١٢٢).

دوای ئەوەی لەناو گەلێکدا ئەو پیاوە ڕۆحانییانە بوونە گەواهیدەری بوونی ڕۆحی نەتەوە لەناو ئەو گەلەدا، ئەوا ئەو گەلە شیانی ئەوەی تیایە کە بکەوێتە ناو پرۆسەی بە نەتەوەبوونەوە و قۆناغ بە قۆناغ بەرەو ئەوە بڕوات لە داهاتوودا وەك نەتەوەیەك لە جیهاندا دەرکەوێت.

ئەوەی پیاوە ڕۆحانییەکانی گەل لەڕێگەی شعور و هەڵوێستەکانیان و بیرە تیۆرییە ڕۆحانییەکەیانەوە دەینوێنن، ئەو ناسنامە ڕۆحانییە بنچینەییەی نەتەوە دەنوێنێت کە بنەمای بوونی هەموو دەرکەوتە مێژووییەکانی تری ئەو نەتەوەیە کە ناسنامەی مادی و دنیای ئەو نەتەوەیە لە جیهانی نەتەوەکاندا دەخەنە ڕوو و بەمەش نەتەوەکە لە جیهاندا دەگات بە ئازادیی خۆی.

گەر ئایین ناسنامەی ڕۆحی نەتەوە و ناسنامەی نەتەوە بێت لە خۆیدا، بابزانین ناسنامەی کردەیی نەتەوە کە ناسنامەیە لەپێناو خۆدا چییە و ئەو دەرکەوتانەی ڕۆحی نەتەوە کامانەن کە ئەو ناسنامە دەنوێنن و ئەوانەی لەڕێگەیانەوە گوزارشت لەو ناسنامە دەکەن کێن و چین؟.

دوای ئەوەی ڕۆحی نەتەوە لەڕێگەی بەئەویترکردنی خۆیەوە لەناو پیاوە ڕۆحانییەکانی گەلێکدا لە شێوەی ئایینێکی تایبەت و جیاوازدا خۆی نواند و ناسنامەی بنچینەیی نەتەوە لەناو گەلدا دەرکەوت، ڕۆحی نەتەوە لەناو ئەو گەلەدا بەرەو ئەوە دەڕوات کە بوونی لەپێناو خۆیدا دامەزرێنێت.

بۆ ئەمەش ڕۆحی نەتەوە پێویستی بەوەیە لە گۆشەگیرییەکەی خۆی بێتە دەرەوە و لەناو جیهاندا بوونی خۆی ئاشکرا بکات و بچێتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانی گەلەوە و لەناو هەموویاندا ناسنامەی خۆی دامەزرێنێت، ئەمەش بەوە دەبێت جەستە خەوتووەکەی ئاڕاستە بکات بەرەو چوونە ناو پرۆسەی بەخۆکردنی جەستەکەی وەك ئەویترێکی خۆی. جەستەی خەوتووی گەل ئەویترە راستەقینەکەی ڕۆحی نەتەوەیە، ئەو جەستەیە بەوە بێدار دەبێتەوە کە ڕێگە بدات ڕۆحە نەتەوەییەکەی ناوی، بە پرۆسەی بەخۆکردنی ئەویتر، لە ئەویتریەتی بیخات و بیکات بە خۆی.

هەتا جەستەی گەل بەو پرۆسەیەدا نەڕوات، لەو خەوی غەفڵەتە دەرناچێت و خودەکەی کە ڕۆحی نەتەوەکەیە لەناویدا پەیدا نابێت. گەر پیاوە ڕۆحانییەکانی ئەو گەلە بەرجەستەکەری پرۆسەی بەئەویترکردنی ڕۆحی نەتەوە بن بۆ خۆی، ئەوا ئەو خەڵکەی کە ئەو گەلەیان پێك هێناوە، دەبنە بەرجەستەکەری پرۆسەیەکی تر کە پرۆسەی بەئەویترکردنی خۆیە لەلایەن ڕۆحی نەتەوەوە.

ڕۆحی نەتەوە لەڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە وا لە جەستەی گەل دەکات بەرەو ئەوە بڕوات ببێت بە ئەو و ئەو بنوێنێت. لێرەدا ڕۆحی نەتەوە دەتوانێت لە ئەویترەکەیدا خۆی بنوێنێت، بەڵام ڕۆحی نەتەوە ناتوانێت ئەویترە

کەی خۆی کە جەستەی گەلە بە پرۆسەی بە ئەویترکردنی خۆیدا بیات و خۆی تێیادا بنوێنێت ئەگەر پێشتر خۆی بە پرۆسەی بەئەویترکردنی خۆیدا تێنەپەڕێنێت و لە ڕێگەی ئەو پرۆسەیەوە خۆی بۆ ناسینی خۆی نە کردبێت بە بابەت و خۆی لە خۆیدا نەبینیبێتەوە. ڕۆحی نەتەوە لە پیاوە ڕۆحانییەکانی گەلدا خۆی بە پرۆسەی بەئەویتربوونی خۆیدا دەبات، بەڵام لەڕێگەی پیاوە دنیاییەکانەوە ئەویترەکەی کە جەستەی کۆمەڵایەتی گەلە، بە پرۆسەی بەخۆکردندا دەبات و دەیکات بەخۆی، تا بۆ ئەوە شیاو ببێت کە ڕۆحی نەتەوە بنوێنێت.

پرۆسەی بەخۆکردنی ئەویتر ئەو پرۆسەیە کە ڕۆحی نەتەوە جەستەی گەلی پێدا دەبات و بەمەش جەستەی گەل لە هەموو خودێکی نامۆ بەخۆی بەتاڵ دەکاتەوە و لەبری ئەوان خۆی لەناو جەستەکەدا پەیدا دەبێت و بەمەش جەستەکە بێدار دەبێتەوە و ڕۆحی نەتەوەش لـە شێوەی کـۆمەڵە دەرکەوتەیەکی جیاوازدا دەرکەوت دەکات و لەوەدا کە دنیایە خۆی دەردەخات و هەرخۆیەتییەکەی خۆی دەپارێزێت.

ناسنامەی نەتەوە دەرکەوتنی هەمان ڕۆحی نەتەوەیە لە دەرکەوتە جیاوازەکانی نەتەوەدا. ڕۆحی نەتەوە بەبێ دەرکەوتکردنی لەخۆیدا و بەردەوامبوونی لەم دەرکەوتکردنەدا، ناتوانێت لە جەستەی گەلدا -کە ئە ویترە ڕاستەقینەکەی ئەوە- دەرکەوت بکات، بۆیە دەبێت جەستەی گەل لەگەڵ ئەو خۆ بەئەویتربووەی نەتەوەدا -کە پیاوە ڕۆحانییەکانن- یەکنوێن بن و پێکەوە ڕۆحی نەتەوە بنوێنن. لێرەدا ناسنامەی نەتەوە ڕەوایەتی وەردەگرێت و وەك ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەو نەتەوەیە دەردەکەوێت.

لە یەکنوێنیدا ئەو ناسنامە تەواوەی نەتەوە دەردەکەوێت کە ناسنامەی ڕۆحانی نەتەوە و ناسنامە دنیاییەکەی پێکییان هێناوە. ئەوەی ناسنامە بەشەکییە دنیاییەکانی نەتەوە لە یەك ناسنامەی نەتەوەییدا کۆ دەکاتەوە ئەو یەکنوێنییەی ئەوەیە کە ڕۆحانییە لەگەڵ ئەوەی کە بەشەکی و دنیاییە، واتە ئەوە ئایین و پیاوە ڕۆحانیەکانی گەلن کە یەکبوونی نێوان ناسنامە بەشەکییەکانی نەتەوە کە دەرکەوتە جیاجیاکانیەتی دەپارێزن.

یەکنوێنیی ڕۆحی نەتەوە لە ڕێگەی خودە بە ئەویترکراوەکەی خۆی و ئەویترە بە خودکراوەکەیەوە دێتە ئاراوە، ئەم دووانە هەردووکیان هەمان شت دەنوێنن و ئەویش ڕۆحی نەتەوە خۆیەتی. ئەم یەکنوێنیینەی ئەو دووانە زامنکەری یەکبوونی دەرکەوتە جیاوازەکانی نەتەوەیە و هەر بەمە یەکنوێنییەی نێوان ئەوەی کە دنیایە ی و ئەوەی کە ڕۆحییە دەوڵەت پەیدا دەبێت و دەبێتە چەقی ئەو دەرکەوتە جیاوازانەی نەتەوە. بۆیە دابڕینی ئایین لە دەوڵەت دەبێتە هۆی ئەوەی جەستەیەکی بێ ڕۆح بێتە ئاراوەو دەوڵەت بۆ پارێزگاریکردن لە

The Quarterly Journal of Shinrwe

یەکبوونەکەی خۆی و دروستنەبوونی لێکدڕی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی خۆیدا زەبروزەنگ بەکار بهێنێت و بەهۆی ئەو زەبر و زەنگەوە خۆی لە هەڵوەشاندنەوە و لەناوچوون بپارێزێت. بۆ ئەوەی دەوڵەت توشی ئەم قەیرانە نەبێت، دەبێت لەگەڵ ئاییندا بەردەوام لە یەکنوێنیی ڕۆحی نەتەوەدا بن و ئەو بنوێنن. دەوڵەت لەگەڵ ئاییندا نەبێت ناتوانێت ڕۆحی نەتەوە بنوێنێت، گەر ڕۆحی نەتەوەشی نەنواند توشی هەڵوەشانەوە و لەناوچوون دێت.

هیگڵ زۆر بەوردی باس لە دەوڵەت دەکات وەك یەکخەری دەرکەوتە جیاوازەکانی نەتەوە و دواتریش باس لە پەیوەندی ئایین و دەوڵەت دەکات و ئەو بۆچوونەی سەرەوە بۆ ئێمە ڕوونتر دەکاتەوە. ئەو لەبارەی دەوڵەت و دەرکەوتەکانی ڕۆحی نەتەوەوە دەڵێت: (ئەو بنەما گشتییەی کە جلیوە دەکات و دەبێت بە بابەتی هوشیاری لە دەوڵەتدا، واتە ئەو وێنەیەی کە هەموو ئەوە لەخۆی دەگرێت کە دەوڵەت دەیگرێتەوە، ئەو بازنە تەواوەیە لە دەرکەوتەکان کە کولتووری نەتەوەیەك لە نەتەوەکان پێك دەهێنێت. بەڵام ئەو جەوهەرە دیاریکراوەی کە وێنە هەمەکییەکە وەردەگرێت و لە واقیعە عەینییەکەدا کە دەوڵەتە پەیدا دەبێت، ڕۆحی گەل خۆیەتی، ئەوە ڕۆحی گەلە کە ژیان دەخاتە ناو دەوڵەتێکی ڕاستەقینەوە، ژیان دەخاتە ناو هەموو کاروبارە بەشەکییەکانییەوە، واتە جەنگەکانی و دامەزراوەکانی و...هتد. مرۆڤ لێرەدا هەر دەبێت بگاتە قۆناغی وەدیهاتنی هوشیارانەی ئەو ڕۆحە و سروشتە جەوهەرییەکەی و ناسنامە ڕەسەنەکەی خۆی لەگەڵ ئەودا، چونکە ئێمە وتمان ئاکاری کۆمەڵایەتی یەکبوونی ویستی خودی یان کەسییە لەگەڵ ویستی هەمەکیدا، هەر دەبێت عەقڵ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەم جۆرە لە هوشیاری هوشیار بێت. تیشکۆی ئەم هوشیارییە یان ئەم زانینەش ئایینە، هونەر و زانست هیچ نین جگە لە دوو لایەنی جیاوازی هەمان ئەو ناوەڕۆکە خۆی)[(١-١٢٢)].

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ئایین سەرچاوەی ئەو هوشیارییەیە کە هوشیارییە بە ڕۆحی نەتەوە، بۆیە بەبێ یەکنوێنیی دەوڵەت لەگەڵ ئایین و هاوڕایی لەگەڵیدا، دەوڵەت خۆی ناتوانێت ڕۆحی نەتەوە بنوێنێت و بەمەش لەوە دەردەچێت کە دەوڵەتێکی ڕاستەقینە و زیندوو بێت. بەبێ نواندنی ئەم ڕۆحە پەیوەندی ئەندامانی ئەو دەوڵەتە و پێکهاتەکانی دەبێتە پەیوەندییەکی ئامێری و مردوو و لەوە دەردەچێت کە پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانی بێت.

دەوڵەت کە بوونی دنیایی ڕۆحی نەتەوەیە (بەوەی کە بوونێکی کاتی و ڕاگوزەر و لەناوچووە و لەوە زیاتر نییە و سەرقاڵە بە بەرژەوەندییەکانییەوە یان خەمە بەشەکییەکانەوە، ڕێژەیی و ناڕوایە، ناتوانیت پاساو بۆ

بوونی بهێنیتەوە بەرێژەی ئەوە نەبێت کە خودی هەمەکی -کە بنەماکەیەتی- تێیدا بڵاو ببێتەوە و بەشێوەیەکی ڕەها ببێتە پاساو بۆی، ئەو پاساوەشی "بۆ ڕەوایەتدان بە بوونی خۆی دەست ناکەوێت" گەر وەك جلیوەیەکی دیاریکراو و بوونێکی ڕواڵەتییانەی ماهییەتێکی خوایی سەیری نەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە ئێمە دەمانەوێت لەرێگەیەوە بڵێین: دەوڵەت پشت بە ئایین دەبەستێت)(١-١٢٣).

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە دەوڵەت و یەکە سیاسییەکەی بەبێ هەماهەنگبوونەوەیان لەگەڵ ئاییندا لەپێناو نواندنی ڕۆحی نەتەوەدا ڕەوایەتییەکی ڕاستەقینەی ناوەکی بۆ بوونیان نابێت و دەبن بە ئامێرێك بە دەستی جگە لە خۆیانەوە.

هیگڵ لەبارەی ئەم هەماهەنگییەی دەوڵەت لەگەڵ ئاییندا لە نواندنی ڕۆحی نەتەوەدا درێژە بە بۆچوونەکەی خۆی دەدات و دەڵێت: (ئەو هەڵوێستەی پێشوو بۆچوونێکی دروستی وەرگرتووە کاتێك دەڵێت دەوڵەت لەسەر ئایین دادەمەزرێت، ئەو بارودۆخەش کە بۆ ئایینی دیاریکردووە گریمانەی ئەوە دەکات کە دەوڵەت بە کردەیی هەیە. بۆئەوەی ئایین پشتیوانی دەوڵەت بێت، هەر دەبێت بچێتە ناو دڵییەوە تا بچێتە ناو دڵی خەڵکەوە و لە دڵیاندا کوڵ بدات، ڕاستە دەبێت خەڵکی لەسەر ئایین ڕابهێنرێن، بەڵام ئەمە نابێت بەو مانەیە بێت کە پێشتر ئایین لەناویاندا بوونی نەبووە. کاتێك ئێمە دەڵێین دەوڵەت لەسەر ئایین دادەمەزرێت و ڕیشەکانی بەقووڵی بەناویدا ڕۆچوون، ئەمە مانای ئەوەیە دەوڵەت لەبنچینەدا لە ئایین زاوە، ئەو زانەش بەردەوامە و لە داهاتووشدا بەردەوامیی خۆی لەدەست نادات. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە دەبێت وا لە بنەماکانی دەوڵەت بڕوانرێت کە لەخۆیاندا و بۆ خۆیان دروستن، ئەمەش بەوە دەبێت وا سەیری ئەو بنەمایانە بکەین کە کۆمەڵە جلیوەیەکی سروشتی خوایین، دوای ئەمە وێنەی ئایین وێنەی دەوڵەت و دەستوورەکەی دیاری دەکات، ئەوەی دواییشیان بەشێوەیەکی کردەیی لە داوێنی ئایینێکی بەشەکییەوە سەر هەڵدەدات کە نەتەوە بڕوای پێیەتی)(١-١٢٤).

دوای ئەمە هیگڵ ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە: بڵاوکردنەوەی ئایین بەو ڕێگا باوەی کە هەیە و ئایین لەناو خەڵکدا دەچێنێت، ناچێتە ناو دەوڵەت و نابێتە بنەما بۆ دەوڵەت، ئایین بەهیچ شێوەیەك شتێکی لەو جۆرە نییە کە بەو شێوەیە بەرهەم بهێنرێت و بگوازرێتەوە، چونکە پیاوانی ئایینی، ئایین بەرهەمی ناهێنن، ئایین خۆی لەرێگەی پیاوە ڕۆحانییەکانەوە خۆی بەرهەم دەهێنێت و لەناو خەڵکیشدا هەر دەبێت خۆی بەرهەمهێنەری خۆی بێت(بڕوانە I: -١٢٤).



The Quarterly Journal of Shinrwe

دەوڵەت تیشکۆی دەرکەوتە دنیاییەکانی ڕۆحی نەتەوەیە. بۆئەوەی ئەو دەرکەوتە دنیاییانە ناسنامەی ڕۆحی نەتەوە بنوێنن، دەبێت هەڵگری ئەو مۆرکە بن کە ڕۆحی نەتەوە دەیدات لە دەرکەوتەکانی خۆی. بەوەش دەبنە هەڵگری ئەو مۆرکە کە ئامانجیان نواندنی ڕۆحی نەتەوە بێت و بوارێك بن بۆ ئەوەی ڕۆحی نەتەوە شێوە بگرێت و لە دەوڵەتدا دەرکەوێت.

دەرکەوتە دنیاییەکانی نەتەوە لە هەموو ئەو بوارانەی ژیاندا دەرکەوت دەکەن کە دەوڵەت دەیانگرێتەوە، ڕۆحی نەتەوە کاتێك دێتە ناو ئەو بوارانەوە کە کەسانی دنیای سەر بەو بوارانە لە کارە دنیاییەکانی خۆیاندا ئەوەیان نەکردبێت بە ئامانجی خۆیان کە ڕاگوزەر و کاتی و بەسەرچووە، بەڵکو لە کارەکانیاندا بەردەوام عەوداڵی ئەوە بن کە ڕۆحیی و هەمەکی و جێگیرە.

بۆ ئەمەش ئەوان دەبێت هوشیار بن بەو ڕۆحەی کە لەڕێگەی کارەکانی ئەوانەوە خۆی دەنوێنێت، بەمە ئەوان دەبنە ئەوەی کە ڕۆحی نەتەوە وەك ئەویترێکی بەخۆکراوی خۆی بوونی خۆی لە ڕێگەیانەوە ئاشکرا بکات و لەشێوەی نەتەوەیەك لە واقیعدا وەدی بێت.

لێرەدا ئایین ڕێوڕەسمێك نییە بۆ پەیرەوکردن، بەڵکو هوشیاریی تاکەکانی ناو ئەو گەلەیە بە ڕۆحی نەتەوە لەڕێگەی ڕۆحی کەسیی خۆیانەوە. هەر ئەم هوشیارییەی ئەوانیشە بەو ڕۆحە، وا دەکات کە کار و کردەوەکانیان بەو شێوەیە دەرکەون کە ڕۆحی نەتەوە پێویستیەتی، بەمەش کار و کردەوەکانی ئەوان لە کارو کردەوەیەکی بازاڕی و ڕاگوزەرەوە بەرز دەبێتەوە بۆ ئەو جۆرە لە کارو کردەوە کە کاروکردەوەیەکی نەتەوەییە و هەڵگری مۆرکی ڕۆحی نەتەوەکەیە.

هیگڵ لەبارەی ڕۆحی نەتەوەو دەرکەوتە ڕۆحی و دنیاییەکانەوە دەڵێت: (ماهییەتی خودی ڕۆح چالاکییە، ئەوەش وەدیهێنانی توانستەکانییەتی. ڕۆح وا لەخۆی دەکات کە وەدیهێنەری خۆی و کارە تایبەتەکەی خۆی بێت، هەر بەمەش دەبێتە بابەت بۆخۆی و وەك بوونێکی بابەتی لەخۆی ڕادەمێنێت. حاڵی ڕۆحی گەل هەمان حاڵە، ئەویش ڕۆحێکە خاوەنی خاسیەتەکانی خۆیەتی ئەو خۆی بەوردی لە جیهانی بابەتیدا دادەمەزرێنێت، ئەو لە ئێستادا هەیە و درێژە بە بوونی خۆیشی دەدات لە وێنەیەکی ئایینی وێنەکانی پەرستن و دابونەریت و دەستوور و یاسا سیاسییەکانیدا، واتە لە کۆی گشتیی ڕێکخراوە و دامەزراوەکانیدا و لەو کاروکردەوە و ڕووداوانەشدا کە مێژووەکەی دروست دەکەن، ئەمە کاری ئەوە و ئەمەش ئەوەیە کە نەتەوەیەکی دیاریکراو دەیهێنێتە بوون، نەتەوەکان ئەوانەن کە کاروکردەوەکانیان بوونەکەیانی پێك هێناوە)(١-١٤٩).

National spirit and determining the relationship between religion and identity | Erfan Mostafa

کەوابێت بۆئەوەی لەناو گەلێکدا بە شوێن نەتەوەدا بگەڕێین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆئەوەی کە لە مێژوودا لەو نەتەوەیە کەوتووەتەوە، چونکە نەتەوە کۆی ئەوەیە کە لە ڕۆحی نەتەوەکە کەوتووەتەوە.

گەر ئەمە وابێت دەبێت پێوەرێکمان هەبێت بۆ ئەوەی لە مێژوودا ئەوە جیابکەینەوە کە لەناو مێژووی نەتەوەدایە و لەو نەکەوتووەتەوە لەگەڵ ئەوەی کە لەناو مێژووەکەیدایە و لەو کەوتووەتەوە.

هیگڵ بۆ جیاکردنەوە ئەو دوو جۆرە لە دەرکەوتە، ئاماژە بە پێوەرێکی دیاریکراو دەدات کە دەتوانین لە مێژووی ئەو گەلە و دەرکەوتەکانی ناو مێژووەکەی وەریبگرین، ئەو پێوەرەش بەو مۆرکە دەزانێت کە ڕۆحی نەتەوەیەك لە هەموو ئەو دەرکەوتانەی نەتەوەکەی داوە کە ئەویان نواندووە و بەمەش بوونەتە ناسنامەی ئەو نەتەوەیە لە مێژوودا.

ئەو پێیوایە هەر نەتەوەیەك بنەمایەکی تایبەتی خۆی هەیە ( ئەو بنەمایەش لە مێژوودا خاسیەتی ڕۆحە و بلیمەتییەکی نەتەوەیی تایبەتە بە نەتەوەیەك لە نەتەوەکان، لەناو سنووری ئەو خاسیەتەدا ڕۆحی نەتەوە لە جلیوەی عەینییەکەیدا گوزارشت لە هەر لایەنێك لە لایەنەکانی هوشیاریی نەتەوە و ویستەکەی دەکات، واتە گوزارشت لە چێوە تەواوەکەی وەدی هاتنە کردەییەکەی دەکات کە: ئایینەکەی و سیستەمە سیاسییەکانی و ئاکارەکەی و تەشریعەکەی و تەنانەت زانستەکەی و هونەرەکەیەتی لەگەڵ ئاستی لێهاتووییە تەکنیکییەکەی، ئەمانە هەموویان هەڵگری سروشت و مۆرکێکی جیاکەرەوەن. کلیلی ئەو خاسیەتە بەشەکییە تایبەتانەش لەناو خاسیەتە گشتییە هاوبەشەکەدایە، واتە ئەو بنەما تایبەتەی کە بە نیشانەکانی خۆی گەلێك نیشانە دەکات. لەلایەکی تریشەوە بە هەمان شێوە دەکرێت ئەو بنەما گشتییە جیایە لەو ڕاستییانەدا بدۆزرێتەوە کە مێژوو بە درێژی دەیان خاتەڕوو. لەبارەی ئەوەشەوە کە کام نیشانەی دیاریکراو ڕۆحی نەتەوەیەکە لە نەتەوەکان، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ لایەنێکی تری لێکۆڵینەوەکەمان کە پێویستە لە ئەزموونەوە هەڵهێنجرێت و مێژووییانە بەڵگەکاری بۆ بکرێت و بسەلمێنرێت)[(١-١٣٨)].

ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە ڕۆحی هەر نەتەوەیەك لە دەرکەوتەکانی نەتەوەدا خۆی عەینی دەکاتەوە، نیشانە و مۆرکێکی تایبەت بەجێ دەهێڵێت، بەهۆی ئەو مۆرکەوە دەزانرێت ئەو دەرکەوتەیە دەرکەوتەی ڕۆحی ئەو نەتەوەیە یان هی ئەو نییە، ئەو مۆرکەش کە ڕۆحی نەتەوە جێی دەهێڵێت لە هەموو دەرکەوتەکاندا هەمان مۆرکە و سەرچاوە لە بنەمایەکی دیاریکراوەوە دەگرێت و ئەو بنەما دیاریکراوەش دیاریکەری ئەو خاسیەتەی ڕۆحی نەتەوەیە کە نەتەوەکە لە هەموو نەتەوەکانی تر جیا دەکاتەوە.

بۆ پەیبردن بەو بنەما و خاسیەت و نیشانەیەش دەبێت سەرەتا بە هۆی تێڕامانەوە گریمانە بکرێت و پاشان بە بەڵگەی مێژوویی بسەلمێنرێت. ناسنامەی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەکیش بەبێ ئەو نیشانە تایبەتەی ڕۆحی نەتەوەکە ناکرێت دیاری بکرێت، چونکە تەنها بەو نیشانەیە دەتوانین بزانین دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکان ناسنامەی ئەو نەتەوەیە دەخەنەڕوو و نەك هی نەتەوەیەکی تر. واتە بوونی ئەو نیشانەیە دەیسەلمێنێت کام دەرکەوتە نوێنەری ناسنامەی فلان نەتەوەیە و کامیشیان نوێنەری ناسنامەکەی نییە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەیەك ئەو مۆرکەیە کە ڕۆحی نەتەوە لە دەرکەوتەکانی نەتەوەی دەدات. بۆئەوەی ناسنامەی نەتەوەیەك دیاری بکەین، یەکەمجار دەبێت ئەو مۆرکە بدۆزینەوە. بەبێ ناسینی ئەو مۆرکە ناکرێت باس لە ناسنامەی نەتەوەیەکی دیاریکراو بکەین، چونکە بەناسنامەبوونی هەر دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکانی نەتەوەیەك بۆ نەتەوەکە بەندە بە بوونی ئەو مۆرکەوە و بەو مۆرکەدا دەزانرێت ئەو دەرکەوتەیە دەرکەوتەی ڕۆحی ئەو نەتەوەیە، یان دەرکەوتەی ڕۆحی نەتەوەیەکی ترە.

**ئەنجام**

هەموو نەتەوەیەك روحی نەتەوەیی خۆیی هەیە و ئەو روحە لە ڕێگەی ئاین و زمان و نەریتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و هونەر و بوارەکانی تری ژیانی مرۆیی خۆی نیشاندەدات. ئاینیش یەکێکە لەو بوارانەی کە روحی نەتەوەیی نەتەوەیەك لە ڕێگەیەوە بوونی شاراوەی خۆی ئاشکرا دەکات. ئاین هەر تەنها بوارێك نییە لە بوارەکان، بەڵکو ئەو بوارەیە کە روحی نەتەوە دەتوانێت گوزارشتێکی روحیانە لە ڕێگەیەوە لە خۆی بکات و زیاتر لە بوارەکانی تر خۆی وەك خۆی نیشانبدات، ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاین لەو بوارانەی تر کە روحی نەتەوە خۆی لێیانەوە ئاشکرا دەکات روحی تر و پەتیترە لە مادە و زیاتر نزیکە لە روحی نەتەوییەوە. بۆیە لە ڕێگەی ئاینەوە دەکرێت باشتر روحی نەتەوە بناسرێت تا بوارەکانی تر. ئەگەر ناسنامەی شتێکیش نوێنەری ئەو شتە بێت و ئەو شتە بنوێنێت، ئەو ئاین بە هۆی ئەوەوە کە بواری روحی نەتە وەیە، لە بوارەکانی تر باشتر روحی نەتەوە دەنوێنێت و ئاشکرای دەکات، بۆیە بۆ دیاریکردنی ناسنامەی نەتە وەیەك پێویستە سەرەتا لە ڕێگەی ئاینەوە ئەو ناسنامەیە دەستنیشان بکرێت.

**سەرچاوە**

هیجل (١٩٨٣). محاضرات فی الفلسفة التأریخ-العقل و التأریخ (الجزء الأول), ترجمه: د. امام عبدالفتاح امام, الطبعة الثالثة, دار التنویر-بیروت.